شەشەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب لە سلێمانی بەردەوامە

ئەمڕۆ پێنجشەممە 28ـی تشرینی دووەمی 2024، شەشەمین پێشانگای نێودەوڵەتی کتێب بە بەشداریی زیاتر لە 200 کۆمپانیای ناوخۆیی و بیانی، هەروەها 12 وڵاتی جیاواز لە شاری سلێمانی کرایەوە.

ساڵانە لەشاری سلێمانی پێشانگای کتێب دەکرێتەوە و ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان و ڕۆشنبیرانی کوردستان و شارە جیاوازەکانی و عێراق سەردانی دەکەن.

لە پێشانگاکەدا زیاتر لە نۆ ملیۆن کتێب نمایشکراون، کە خۆی دەبینێتەوە لە 44 هەزار ناونیشانی کتێب کە دوو هەزاریان ناونیشانی نوێن.

بەیانی ئەمڕۆ پێنجشەممە شەشەمین خولی پێشانگای نێودەوڵەتی سلێمانی بە کتێب، بە سەرپەرشتی عەبدوللەتیف ڕەشید، سەرۆککۆماری عێراق و وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی کاربەدەستی هەرێمی کوردستان کرایەوە.